# ڕیکلامی تورکی و ڕیکلامی کوردی

## کاوە ئەمین

لەگەڵ چەند هاوبیرێکدا باسی ئەوەمان کرد کە ئێستا کاتی ئەوەیە ستایشی هەڵوێستەکانی سەرۆک بارزانی لە پێوەندی لەگەڵ هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان بکرێت، هەڵوێستێک کە دڵی کوردی خۆشکرد بەڵام هەمانکات تورکەکانی کردە ئەو گا شێتانەی کە چۆن بە بینینی پەڕۆیەکی سوور خۆیان دەکێشن بە دار و بەرددا، ئاخر تورکیا چاوەڕوانی هەڵوێستێکی وایان نەدەکرد لە کاتێکدا کە تا ئێستاش نایەنەوێت بارزانی وەکو سەرۆکی "هەرێمی" کوردستان ددان پێدا بنێن، بەڵکو وەکو پەرلەمانتارێکی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی وتی: ئەردۆگان پێی وایە کە ئەو سوڵتانی عوسمانییە و ئێمەش کۆیلەی دەرباری سوڵتانین، لێ ئەو ڕۆژە دەمێکە ئاوا بووە.

بەڵی دەبێت بە هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی کاک مەسعوود نەک هەر دڵخۆشبین بەڵکو پشتیوانی لێبکەین. خەڵکانی نەتەوەیی دەمێکە داوای ئەوەیان لە کاک مەسعوود کردووە کە هەندێک لە دووربەرەکەی پاک بکاتەوە تا خەڵک هەموو وەکو سەرۆکێکی هەڵبژاردەی باشووری کوردستان تەماشای بکەن، تا لە کاتی تەنگانە نەک لەکاتی خۆشییەکاندا لەگەڵی بن و بەڵکو وەک پێشمەرگەیەک هاوسەنگەری بن.

شانبەشانی هەڵوێستە نێشتمانییەکانی مەسعوود بارزانی، گوێبیستی کۆمەڵێک دەنگی نەشاز و ناخۆش دەبین هەم لە بەغدا و هەمیش لە کوردستانەوە، کاتێک وەزیری دەرەوەی عیراق کە خۆی کوردە و ئەندامی سەرکردایەتی پارتیشە وەکو عەرەبێکی سوننە دەئاخڤێت و هاوزمانەکانی خۆی بە "تیرۆریست" وەسف دەکات و ئامادەیە هەموو کوێرە ڕێگایەکیش بگرێت تا خۆراکیان پێ نەگات نەک مرۆڤی کورد بەڵکو خەڵکی دیکەش سەریان سووردەمێنێت. کاتێک بەبێ هیچ لێکدانەوەیەک هەندێک لە بەرپرسانی کورد داوا دەکەن (PKK) چەک دابنێت بەڵام ناڵێن لەسەر چ بنەمایەک، ناڵێن با تورکیا ددان بنێت بە مافە سەرەتاییەکانی کورددا، یان هەر هیچ نەبێت ددان بنێت بە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەو کاتە داوای چەکدانان ڕێی تێ دەچێت.

تورکیا تەنانەت نایەوێت دانیشتن لەگەڵ وەفتێکی حکوومەتی عیراقدا بکات تەنها لەبەر ئەوەی دوو کوردی تێدا بووە، ئیتر ئەمە کەی پێوەندی بە کێشەی (PKK) وە هەیە، ئەوان نایانەوێت مام جەلال وەکو سەرکۆماری عیراق سەردانی ئەو وڵاتە بکات، سەرزەی سەرکۆماری پێشوو بەڵێنی خۆی بەجێهێنا و ڕازی نەبوو مام جەلال پێ بنێتە خاکی تورکیاوە هەتا مۆری سەرکۆماری تەسلیمی عەبدوڵڵا گول نەکرد، ئەمە کەی پێوەندی بە (PKK) وە هەیە؟ کەوابێت دەردی تورکیا دەردی هەبوونی نەتەوەیەکە کە ناوی کوردە، جا (PKK) هەبێت یان نەبێت، خۆ لە سەردەمی سەید ڕەزا و شێخ سەعید و دروستبوونی تورکیادا، پارتی کرێکاران نەبوو.

کاتێک کە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان هاتە ئیتالیا، تورکەکان کەوتنە سووتاندنی کەلوپەلی ئیتالی، لەو ڕۆژەدا تەلفیزۆنەکانی تورکیا زۆر بێشەرمانە کەوتنە دژەڕیکلام بۆ سپاگێتی ئیتالی کە خواردنێکی بەناوبانگی ئەو وڵاتەیە، دەهاتن خوێنی مرۆڤیان تێکەڵ بە سپاگێتی ئیتالی دەکرد تا بڵێن ئێوە "مرۆڤکوژێکتان" داڵدە داوە، کەچی لە کاتێکدا کە تورکیا زیاتر لە سەت هەزار سەربازی تورکی لەسەر سنوور مۆڵداوە و هەڕەشە دەکات، هەندێک لە تەلەفیزیۆنە کوردییەکان گۆرانییەکی دەڵە تورکێکی وەکو برایم تاتلیساس دەخەنە سەر و هاوار بۆ دۆشاوی تەماتەی تورکی ئاڵتونسا دەکەن، وەکو ئەوەی سەربازانی تورک هاتبن گوندە کاول و وێرانکراوەکانی گەرمیانمان بۆ ئاوەدان بکەنەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە تورکیا هەڕەشەی ئەمبارگۆی ئابووری لە باشووری کوردستان و عیراق دەکات، ڕەنگە ئەو کاتە بە قاچاخ دۆشاوی تەماتە و دەرمانی ئێکسپایەرکراوی تورکی بێنن بۆ کوردستان و تێڤێکانیش لە ڕیکلامی خۆیان نەوەستن. جا وەرە سەیری ئەم پارادۆکسە بکە، تورک چی دەکات و کورد چی دەکات!.

بۆ ئەوەی تورکیا و دوژمنانی دیکەی کورد لە کورد بسڵەمنەوە دەبێت هەموومان بەیەک زمان بدوێین، پێش هەموو شتێک ئاشتی، ئەگەر هەر قبووڵیان نەکرد خۆپاراستن مافی ڕەوای هەموو نەتەوەیەکی داگیرکراوە، قوولی ڕەش و سپیش لە بواردا دەردەکەوێت، کە دەشلێین پاکردنەوەی دەورووبەر پێویستە، بۆ مەسڵەحەتی نەتەوەییە نەک خوا نەخواست تەماحمان لە دەستەڵات کردبێت.

تێبینی: ئەم وتارە 11/2 نووسراوە.